# یەکەمین پرینتەری دەستی لە جیهان



پرینتەر لە دنیای کۆمپیوتەردا رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، کۆمپیوتەر دەقە نووسراوەکانی سەر کۆمپیوتەر دەهێنێتە سەر کاغەز، قەوارە و توانا و کارکردی پرینتەرەکان جیاوازە، تا ئێستا پرینتەر بەرهەم نەهاتبوو کە بتوانێت لەسەر کاغەزێکی A4 پرێنت بکات و بەڵام لە گیرفانیشدا هەڵبگیردرێت.

ئەم وێنەیەی کە لێرەدا دەیبینن، ئەوە ماوس نییە بەڵکو پرینتەرێکی بچووکە کە دەقەکانی سەر کۆمپیوتەر لەسەر کاغەز چاپ دەکات. پرینتەرەکە زانیاریی سەر کۆمپیوتەر، مۆبایل، فلاش و لە رێگای تەکنەلۆژیای بلوتوسەوە دەگوازێتەوە.

شێوازی کارکردن بەم پرینتەرە بچووکە بەم شێوەیە، کە پرینتەرەکە لەسەر کاغەز دادەنرێت و بە ئارامی بەسەر کاغەزەکەدا دەجووڵێندرێت، پرینتەرەکە لەرزینی دەست لەکاتی پرێنتکردندا هەست پێناکات.



# ئایفۆنی 5S و توانا تایبەتەکانی

بەپێی ئەو دەنگۆیانەی لەبارەی ئایفۆنی داهاتووەوە لەئارادایە ئەوەیە کە ناوی ئایفۆنەکە 5S دەبێت و خاوەنی کامێرایەکی 12 مێگاپیکسێل دەبێت، لەگەڵ بوونی هەستەوەری ناسینی پەنجەمۆر و هەروەها گۆڕانکاریی لە چەند دوگمەیەکدا کراوە.

هەروەك ئاماژەی پێکرا، گۆڕانکاریی جددی لەم ئایفۆنەدا بوونی کامێرایەکی بەهێزە کە رەنگە لە رووناکییەکی زۆر کەمیش وێنەی جوان بگرێت. دوای ئەوەی کە نۆکیای لۆمیا 920 ، هەروەها مۆبایلی htc گۆڕانکارییان لە کامێرادا پێکهێنا، ئەپڵیش هەوڵیداوە لەم کاروانە دوانەکەوێت.



# ئامێرێک بۆ خوێندنەوەی هاردیسکی کۆمپیوتەر



هاردديسـك ئەو پارچەیە لـە کۆمپیوتەر کە ئەرکـی هەڵگرتن و داکردنی داتاکانی لە ئەسـتۆدایە، دوو جۆرە هارد هەن، هـاردی دەرەکی (خارجی) کە لە دەرەوەی کۆمپیوتـەر بە هـۆی کێبڵێکەوە بە کۆمپیوتـەر پەیوەند دەدرێت و هاردی SATA یان هاردی (داخلـی) کە وەك پارچەیەك لەگەڵ لاپتۆپ یان کۆمپیوتەری سەرمێزدایە.

هاردی SATA بەهۆی ئەوەی کە شوێن کێبڵی نییە و زیاتر بۆ ناو کەیس دروست کراوە، ناکرێت بەو ئاسانییە لە دەرەوەی کۆمپیوتەر سوودی لێببینرێت، بەڵام داکێکی تایبـەت بەرهەم هاتووە کە تایبەتە بە هاردە (داخلی)یەکان. تەنیا ئەوەندە بەسـە کە هاردەکە لەسـەر ئەم داکە دابندرێت و دواتر دادەکە بەهۆی کێبڵی USBیەوە لەگەڵ کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت و بە ئاسـانی دەستت بەزانیارییەکانی ناو هاردەکە دەگات، داکەکە شـوێنی دانانـی چەند هاردی هەیە و زۆربەی قەوارەی هـاردەکان تێیـدا جێدەگرێت. داکەکە لەگەڵ سیسـتەمەکانی ویندۆز، لینۆکس و MAC دەگونجێت. خێرایی گواسـتنەوەی زانیارییەکان لەم داکەدا 480Mbpsیە.

# جلشۆرێکی بێ ئاو و بێ مادەی پاککەرەوە



ڕەنگە کەم کەس ئەوەی بە زەیندا هاتبێت کە ڕۆژێك جلشۆرێك بەرهەم بێت کە بەبێ ئاو و بەبێ مادەی پاککەرەوە جلەکان پاقژ بکاتەوە، کۆمپانیای LG لەم دواییەدا جلشۆرێکی داهێناوە کە ئەم ئەرکە ئەنجام دەدات، جلشـۆری جۆری LG styler، ئەو جلشـۆرەیە کە بەبێ ئاو و مادەی پاککەرەوە جلەکانتان خاوێن دەکاتەوە.

داهێنانە سەرسـوڕهێنەرەکەی LG بە تەکنەلۆژیای هەوای گەرم چڵك و قرێژی جلەکان لادەبات، هەرچەندە لە هەڵمی ئاو و تەکنەلۆژییەکی شـاراوەش کە کۆمپانیا نایەوێت بیدرکێنێت، سوود وەردەگرێت.

بەرپرسـی کەرەسـەکانی ماڵی سـەر بە کۆمپانیای ناوبراو (سـئونگ- جیـن) رای وایە کە سـتایلەر پارچە و قوماشـە جۆراوجـۆرەکان خاوێـن دەکاتـەوە و بۆنیان ناهێڵێـت، کراس و قات و ریبات و قەمسـەڵە خاوێن دەکاتەوە. هەروەها لەناوخۆیدا گنجەکانیشی ناهێڵێت و وەك ئەوە وان کە لە ئوتو درابن، تەنانەت گەر بۆنی جلەکانیش ناخۆش بن جلشـۆرەکە بۆنی خۆشـیان بەسەردا دەپرژێنێت.

سـتایلی جلشۆرەکە زیاتر لە سـەلاجەیەك دەچێت، گشت ئەو ئەرك و تایبەتمەندییانە لە رێگای شاشـەیەکی لەمسـی کە بە دەرگای جلشۆرەکەوەن کۆنترۆڵ دەکرێت.

# ئۆتۆمبێلێک سایزەکەی دەگۆڕدرێت

لەم چەند ساڵەدا گۆڕانکارییەکی جددی لە جیهانی ئۆتۆمبێلدا پێکهاتووە، ئۆتۆمبێلی پێشـکەوتوو کە لە گشـت تەکنەلۆژییەك سـوود وەردەگرن بەرهەم هاتوون و تەنانەت ئۆتۆمبێلەکەی گوگڵ گۆڕانێکی جددی لە جیهانی ئۆتۆمبێلدا کردووە چونکە توانی بەبێ شۆفێر هەزاران کیلۆمەتر بڕوات. کێشەیەك لە ئۆتۆمبێلەکاندا هەیە ئەویش ئەوەیە سـایزی ئۆتۆمبێلەکان گەورەن و بەو قەرەباڵغییەی لە شـەقامەکاندا هەیە و نەبوونی جێگا بۆ راوەسـتان سایزەکەیان پێویسـتی بە گۆڕانکارییە. ئەوانەی شـۆفێرن دەزانن کە تەنانەت (سم)ێکیش جێ بۆ وەستاندنی ئۆتۆمبێل کێشە دروست دەکات.

ئۆتۆمبێلێـك بەرهەمهاتووە کە بـە ئۆتۆمبێلی جۆری Mono EV ناسـراوە، ئەم ئۆتۆمبێلـە خۆی سـایزەکەی بچووکە، بەڵام لـە کاتی پارك کردندا کێشـەکەی بچووکتریـش دەبێتەوە و بەقەد مۆتۆرسکلێتێکی لێدێت. هەروەها شێوازی سووڕانی تایەکانی 90 پلەیە.





## سایتێک منداڵان فێری زمانی ئینگلیزی دەکات

فێربوونـــی زمان، هەر زمانێك بێــت گرنگیی خـــۆی هەیە و مرۆڤەكـــە دەتوانێـــت بەزانینی زمانێكی دیكە ئاستی زانیاری خـــۆی بەرێتە ســـەرێ، ئەویش بەتایبەتی زمانێكی دەوڵەمەند و یەكـــەم زمانی جیهان ئینگلیزی بێت، زۆر شێواز هەن بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی وەك بەشداری كـــردن لـــەو خولانەی بـــۆ ئەم مەبەستە دەكرێنەوە یان گوێگرتن لە كاسـێت و فیلمەكانی تایبەت بە فێربوونی ئەو زمانە و یەكێكی دیكەش كردنەوەی ئەو سایتانەیە كە بۆ ئەم مەبەستە دانراون.

ســایــتـــی http://www.weeworld.com/ تایبەتـــە بە فێركردنـــی زمانـــی ئینگلیزی بۆ منداڵان، ئـــەو منداڵەی كە لەو ســـایتەدا ناوی خۆی تۆمار دەكات دەتوانێت لەگەڵ منداڵانی سەرانســـەری جیهـــان كـــە لەو ســـایتەدا ناوی خۆیان نووسیوە، چات بكات، هەروەها بەو پرۆگرام و گەیمانەی كە لەو سایتەدان و بەمەبەستی راهێنان بۆ فێربوونی زمانـــی ئینگلیزی دانـــدراون، دەتوانێـــت ئاســـتی فێربوونـــی ئینگلیزی بەرێتە سەرێ.

## شارژێرێک چەند ئامێرێکی ئەپڵ پێکەوە شەحن دەکاتەوە



شـــەحنكردنەوەی ئامێرە دیجیتالییەكانی سەردەم گرفتێكە كە زۆر شـــێواز و زۆر ئامێر بەرهەم هاتوون بۆ چارەســـەركردنی ئەم گرفتە، بەهۆی ئەوەی كە شـــەحنكەرەوەكان هەركام بۆ ئامێرێكی تایبەتـــن بۆ یەكتـــر ناگونجێن بەكارهێنەر ناچـــارە بۆ هەركام لە ئامێرەكان شـــەحنكەرەوەی تایبـــەت بەو ئامێرەی هەبێت، بـــۆ چارەســـەركردنی ئەم گرفتە شـــەحنكەرەوەی Plug bug دەتوانێـــت چەندین ئامێر پێكەوە شـــەحن بكاتەوە، شـــەحنكەرەوەیەكی بچووك و پورتێبڵ كە لەیەك كاتدا چەندیـــن ئامێـــری كۆمپانیای ئەپڵ پێكەوە شـــەحن دەكاتەوە. خێرایی شـــەحنكەرەوەكە لە زۆر شەحنكەرەوەی دیكە لەســـەرترە. بـــۆ ئەوانەی كە لە گەشـــت و گەڕاندن زۆر گونجاوە و هەڵگرتنی ئاسانە.

## پرۆگرامێک بۆ دەستکاری کردنی فیلم و گۆڕینی فۆرماتەکان

كاركـــردن لەســـەر فیلـــم و گۆڕینی فۆرمـــات و دانانی ئیفێكتی جۆراوجۆر، پێویســـتی بـــە پرۆگرامگەلێك هەیە كە ئەم ئەركە ئەنجام بدەن، بۆ ئەنجامدانی هەر ئەركێك پێویســـتی بـــە پرۆگرامێكی تایبەتی هەیە، بەڵام پرۆگرامـــی Aimersoft Video Studio Express گشت ئەو ئەركانەی باسمان كردن پێكەوە ئەنجـــام دەدات،چێكردنی سلایدشـــۆی ســـەرنجراكێش، زێدەكردنـــی ئیفێكتی جـــوان بە پرۆگرامـــی ناوبراو بە ئاســـانی ئەنجـــام دەدرێـــت، پرۆگرامەكە پشـــتیوانی لە گشـــت جـــۆرە مۆبایلێـــك دەكات، پرۆگرامەكە بە بەراورد بە پرۆگرامەكانی هاوشێوەی خۆی قەوارەكەی زۆر كەمە.




هەندێك لە تایبەتمەندییەكانی پرۆگرامەكە ئەوانەن:

- پشـــتیوانیی كـــردن لە جۆرەكانی فۆرمات
- توانای دەستكاری كردنی فیلم
- توانـــای دروســـتكردنی سلایدشۆ

بوونی ســـەدان جۆرە ئیفێكت و خوێندنەوەی گشـــت سیستەمێكی دەنگی و وێنەیی.

# فۆن پەد مۆبایلەکانی سامسۆنگ دەکاتە پلەیستەیشن

مۆبایلەکان دوای ئەوەی کە بەرەو ژیرۆك بوون واتە هۆشمەند بوون چوون، گۆڕانکارییەکی نوێ لە پرۆگرامەکان و تەنانەت لەو گەمانـــەی لەناویاندا پێکهات، بەڵام شاشـــەی مۆبایل بەهۆی بچووکییەوە ناکرێت بەوجۆرەی پێویستە بۆ گەمەکردن گونجاو بێت، بۆیە هەوڵدراوە مۆبایلەکان یان لەگەڵ تەلەڤزیۆن پەیوەند بدەن، یان ئامێرێك کە کاری گەمەکردن لەسەر مۆبایل ئاسان بکاتەوە، ئامێری phonepad ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەران دەرەخسێنێت کە تەلەفۆنە هۆشمەندەکان بکرێن بە تەبلێت یان پلەیستەیشن.

فۆن پەد شاشەیەکی تایبەت بەخۆی لەگەڵ سپیکەرێکی دەنگ بەرز، چۆنییەتی گۆڕینی تەلەفۆنی هۆشمەند بۆ تەبلێت بە دانانی مۆبایلەکە لەسەر فۆن پەد ئەنجام دەدرێت. ئامێرێکە کێشەکەی نزیك بە کیلۆیەك دەبێت. دەکرێت هەم بە شێوەی ستوونی و هەم بە شێوەی ئاسۆیی دابندرێت.

# مۆبایلە هۆشمەندەکان لە خزمەت تەندروستی مرۆڤدا



ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئەرك و خزمەتگوزاریی نوێتر بۆ مۆبایلە هۆشمەندەکان زیاتر دەبن، بوون بە کامێرا و تەلەڤزیۆن و کۆمپیوتەر و ریکۆردەر...تاد، لەمەولا دەبنە ئەرکی لاوەکی مۆبایل و خزمەتگوزاریی نوێتریش لە ڕێگادان.

گەر جاران بەهۆی ئامێرێکەوە کە دوو بیســـتۆکی پێیوە بوو و بەشـــێکی لاســـتیکی بازنەیش لە مەچەکی نەخۆشـــەکە دەخرا و بەهۆی بیستۆکەکانەوە دەزانرا زەختی خوێن چەنـــدە. ئەمڕۆکە دەکرێـــت هەر لە ڕێگای مۆبایلەکەتەوە ئـــەو ئەرکە زۆر بە ورد و دەقیقی ئەنجام بدەی.

ئامێری Hi.lo ئامێرێکی بچوکە لەگەڵ مۆبایلە هۆشمەندەکان پەیوەند دەدرێت. پرۆگرامێکی تایبەت کە ئەرکی زانینی زەختی خوێنە لەســـەر مۆبایلەکە دادەندرێت و پاشـــان ئامێرەکـــە وەك بازنێك لە مەچەك دەخـــەی، تەنیا لە خولەکێکدا گشت زانیارییەکانی پەیوەندار بە تەندروستی و فشاری خوێن و لێدانی دڵ و زۆر لایەنی دیکەی تەندروستی بزانرێت.

# چاویلکەیەک ژیانێکی نوێ بە نابینایان دەبەخشێت

داهێنانـــی چاویلکە مێژوویەکـــی لەمێژینەی هەیە، بەڵام لەم چەند ســـاڵەی دواییدا وەك زۆر ئامێری دیکە چاویلکـــەش بەرەو جیهانی دیجیتالی ڕۆیشتووە و ئەم دوو چاوە شووشـــەیە زۆر ئـــەرك ئەنجـــام دەدەن کە پێشـــتر بە خەیاڵی کەسدا نەدەهات.

چاویلکە بـــۆ ئەوانەی بینایـــان کەمـــە چاوێکی دیکەیە، بـــۆ ئەوانەی کە هەر ناشبینن ڕەنگە سوودی نەبێـــت، بـــەڵام لانی کەم چاوەکانیان دەشـــارێتەوە. لەم دواییەدا چەند قوتابییەکی زانکۆی فلۆریدا جۆرە چاویلکەیەکیان داهێناوە کە دەتوانێت ژیانی نابینایان بگۆڕێت، ئەم چاویلکەیـــە کاتێك نابیناکە کتێبێکی لەبـــەر رادەگرێت، کتێبەکەی بۆ دەخوێنێتەوە و یان کە بە شوێنێك دادەڕوات تابلۆکان دەخوێنێتەوە، نرخی کەلوپەلی سوپەرمارکێتەکان دەخوێنێتـــەوە، بـــەڵام ئـــەم پرۆژەیـــە جارێ بەشـــێوەی بەرفرە بەرهەم نەهاتووە، تەنیا بۆ تێست دروستکراوە.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسـێت، من لاپتۆپێکم هەیە کـە لاپتۆپی ئەپڵە، لاپتۆپەکەم سیستەمی ئەپڵ واتە mac ی لەسەرە، ئایا سیســـتەمی ویندۆز دەچێتە ســـەر کۆمپیوتـەری ئەپڵ، ئەگەر بچێت ئۆفیسی مایکرۆسۆفت یان ئـــەو پرۆگرامانەی دیکە کە هەن لەگـــەڵ کۆمپیوتـــەری ئەپـــڵ یەك دەگرنەوە و کێشەیان بۆ چی نابێت؟

خوێنـــەری بەڕێـــز، ســـاڵانێك کۆمپیوتـــەری mac ســـەر بـــە کۆمپانیـــای ئەپڵ تەنیا سیســـتەمی خۆی دەخوێندەوە و کە بە سیســـتەمی ماکنتـــۆش ناســـراوە، دوای ئەوە کە کۆمپانیای ئەپڵ تێگەیشت کە خەڵك بـــە زۆری ویندۆزی مایکرۆســـۆفت بەکار دەهێنن، لە ســـاڵی 2000ەوە بۆ ســـەرێ هەوڵی دا ئەو سیســـتەمە لە کۆمپیوتەرەکانـــی خۆیدا بگونجێنێت، ئەگـــەر لاپتۆپەکـــەت نـــوێ بێت و ســـەرووی 2005 بێت بێگومان بەبێ گرفت سیســـتەمی ویندۆزی دەچێتە سەر و لەلایەن شارەزایانی ئەو بوارە ئەوە ئەنجام دەدرێت و گشت پرۆگرامەکانی کە بـــۆ کۆمپیوتەری دیکە دەگونجێن وەك ئۆفیســـی مایکرۆسۆفت و هی دیکە لەگەڵ سیســـتەمی ویندۆزی ئەپڵیشدا دەگونجێن.